www.kurdistannet.org

# بێوەژن



ئۆخەی ئۆخەی گوڵی ساڵ
دڵم لەم خەم ئەکەیت بەتاڵ،
گیرۆدەی ئاڵووالێیتم
بولبول ئاسا بەدیار تنۆکی بەیانتەوە
سەراپا بووم بە کۆی زوخاڵ،
ئۆخەی ئۆخەی بێوەژن
ئەی جوانکیلەی سرک و جرپن،
دەم ئێواران چەند جوانیت
چاو باز و کەمێک شەرمن،
دە وەرە دەست لە ملانم بکە ئازیز
با ئەو دڵەم لێت نەبێت زیز،
ئۆخەی ئۆخەی بێوەژن
ئەی نموونەی جوانیی گوڵ
ئەوکاتانەم لا خۆشە
دەستت نێوەتە سەردڵ،

بولبوولێکی سەرخۆشم گوڵم
ئەفڕم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ،
دە وەرە دە وەرە بێوەژن
باڵا بەرز و خاڵ لە گەردن
بێ تۆ ژینم زووخاوە جوانێ
چاکترە بێن بمکوژن،

پۆلا سەعید
26.11.03